
# "چیی تریش لە یادەوەریمدا نیشتەجێیە؟"

چاوپێکەوتنی گۆڤاری ئینتەرڤیو ماگەزین لەگەڵ ئومبێرتۆ ئێکۆ

**سازدانی: کریس واڵاس**

لە ئینگلیزییەوە: جووتیار قارەمان



١٠ی ئابی ٢٠٢٦ هەڤپەیڤین

"من چیرۆک لەسەر نەخشە و پیلانگێڕی و ئەو کەسانە دەهۆنمەوە کە تووشی نەخۆشیی گومانن، کەچی لە ڕاستیدا خۆم مرۆڤێکی زۆر پرگومانم... هەندێک جار ئەو قسەیەی فلۆبێر ڕاست دەرناچێت کە دەیگوت: 'مادام بۆڤاری هەر منم.' جارجارە کارەکتەرەکانم، خۆم نیم."

— ئومبێرتۆ ئێکۆ

ســـــەرنووســـــەرێک، کابالیســـــتێک (شـــــارەزای عیرفانی یەهوودی) و زانایەکی ڕێبازی سـوارچاکانی پەرسـتگە دەچنە مەیخانەیەک؛ ئەمە بە کورتی و پوختی، سـەرەتای داڕشـتنی داستانە ئەفسووناوییە گەورەکەی ئومبێرتۆ ئێکۆیە بە ناوی "پەندۆڵی فۆکۆ". ئەم ڕۆشنبیرە دەســـــتەپاچە و شـــــکســـــتخواردووانە لەبەر بێزاری یان بێهیوایی یان جۆرە خەمێکی بوونگەرایی، دەســت دەکەن بە لێکۆڵینەوەیەکی پڕ لە تانە و تەشــەر لەســەر ئەو بیردۆزە جۆراوجۆرانەی پیلانگێڕی و ئەفسانە شارستانەتییەکان و چیرۆکە ترسناکە نادیارانەی کە هەزاران ساڵە مرۆڤیان ملکەچی خۆیان کردووە. بێ گومان پێکەنین و گاڵتەجاڕیی بە دوادا دێت، بەڵام من دەڵێم "پڕ لە تانە"، چونکە هیچ کام لەم لێکۆڵەرانە بڕوایان بەو نەخشـــــە نادیارانە نییە کە لە کارەکەیاندا هەیە، یان هەر هیچ نەبێت لە ســـــەرەتادا وایە. بەڵام ئەوەی لە کۆتاییدا لە ڕێگەی تەڵەکەبازییە تەنزئامێزەکەیانەوە دەیکەن، بە تێکەڵکردنی ئەفسانەکانی ســـــوارچاکانی پەرســـــتگە و ئیلومیناتی باڤاریا و خاچەگوڵینەکان و هەر کۆمەڵە و دێوەزمەیەکی تری مێژوویی، بە شـــــێوەیەکی ســـــەیر، هیچ نییە جگە لە مێژووی نهێنیی جیهان.

ئەم شـــۆربا خەســـتەی چیرۆک و بیرۆکە و نادیاری و ســـەرســـوورهێنییە، هەر ئێکۆی ڕەسەنە. لە دنیای ئەودا تەماح و ئاواتی بەرز زۆر جار دەستلەملانی شکستە پیشەیییەکانی کـارەکتەرەکـانێتی و ژیرییەکی تونـدوقـایم خۆی لەنـاو تەمومژی عیرفـانێکی بێبـایەخـدا دەبینێتەوە. لای ئەو، هەوراز دەبێتە نشێو و ڕەش دەبێتە سپی و هەموو شتێک ئامادەیە بۆ ئەوەی چیرۆکبێژێکی سەر مێزی مەیخانە بەپێی کەیفی خۆی دایبڕێژێتەوە. ئێکۆ دەڵێت ئەم ململانێیانە و ئەو شـادییە زۆرەی کە لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی جواندا هەیبووە، تەنانەت لە سەردەمی منداڵیدا لە "پیمۆنت" لە ساڵانی سی و چلەکاندا هەبوون، کاتێک لەنێوان قوتابخانە ناوخۆییە فاشـیسـتەکان و چێژی کتێبە کۆمیک و چیرۆکە خۆشـەویسـتەکانیدا هاتوچۆی

دەکرد. ئێکۆ فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی لە زانکۆی تۆرین خوێندووە و ساڵانێکی زۆر مامۆستایەکی ئەفسانەیی و خۆشەویستی نیشانەناسی (سیمیۆتیک) بووە لە زانکۆی بۆلۆنیا. بۆ ماوەی نیو سەدە وتارنووسێکی بەناوبانگی جیهانی بووە و زۆر جار لەسەر فەرهەنگی میدیا و ئەدەبیات نووسیویەتی. هەر لەم پێگەیەوە، وەک جۆرە ویژدانێکی فەرهەنگی، دەستی کرد بە گرێدانی ئەو بوارە جیاوازانەی کە ئارەزووی دەکردن؛ تێکەڵکردنی فەرهەنگی گشتی و فەلسەفە بە شێوەیەک کە ئێستا لای ئێمە ئاساییە، بەڵام پێشتر کەس نەیکردبوو؛ بۆ نموونە، کۆمپیوتەرەکانی "ئەپڵ"ـی وەک کاسۆلیک دەبینی (لە بەرانبەر کۆمپیوتەرە پرۆتێستانتەکاندا)، یان لەسەر کاریگەریی دەروونی و ڕەوشتیی لەبەرکردنی کابۆ (پانتۆڵی جینز) دەینووسی.

یەکەم ڕۆمانی ئێکۆ کە تا ئێستایش بەناوبانگترینە، "ناوی گوڵەباخ"، کە تەمومژێکی پڕ لە کوشتن و پارچەیەکی نایابی پۆستمۆدێرنیزمە و لە دێرێکی دووری بێنیدیکتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕوو دەدات، لە ساڵی ١٩٨٠ لە ئیتاڵیا بڵاو کرایەوە، کاتێک تەمەنی ٤٨ ساڵ بوو. ئەم کتێبە هێندە قەرزاری "خۆرخێ لویس بۆرخێس"ـە کە گرانە مرۆ بتوانێت هەموو ئەو وەفادارییانەی بۆ ئەو نووسەرە ئەرجەنتینییە بژمێرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، "ناوی گوڵەباخ" بەرهەمێکی پێگەیشتوو و گەشاوەی تایبەت بە خۆیەتی - یەکێکە لە باشترینەکانی سەدەی بیستەم - و ئەوە بوو "شۆن کۆنێری" و "کریستیان سلایتەر"ی بچکۆلە دوای چەند ساڵێک کردیان بە فیلم. لە ساڵی ١٩٨٩دا ئێکۆ "پەندۆڵی فۆکۆ"ی بڵاو کردەوە کە لووتکەی چیرۆکە پیلانگێڕییەکانە و یەکێکە لە کتێبە خۆشەویستەکانم لە هەموو ژیانمدا. ئەم کتێبە هێندە گەورە و گشتگیر بوو بۆ من، کاتی یەکەم خوێندنەوەم هێندە ڕێک بوو، کە نازانم ئایا خولیای هەموو تەمەنم بۆ شتە نادیارەکان و کۆمەڵە نهێنییەکان و گەڕان بە دوای نهێنیی ژیاندا لەم کتێبەوە هاتووە، یان کتێبەکەم هێندە خۆش ویست چونکە لەسەر هەموو شتە پەسەندەکانی من بوو. بە شێوەیەکی گونجاو، ئەوەی ئێکۆ لە "پەندۆڵ"دا بە

باشـــی دەیکات – وەک چۆن دواتر لە بارەی کەســێکی تووشــبوو بە لەبیرچوونەوەوە کە دەیەوێت ناســنامەی خۆی دروســت بکاتەوە لە "بلێیســەی نادیاری شــاژنە لوانا" (٢٠٠٥) نووسیی – ئەوەیە کە کارەکتەرەکان ڕێک لەناو ئەو تەنگانەیەی ژیاندا دەگرێت کە بە دوای مانا و هۆکاردا دەگەڕێن.

دوایین کتێبی ئێکۆ، "ژمارە ســـفر " (Numero Zero)، کە ئێســـتا لە ئەمریکا دەســـت دەکەوێت، چەند مانگێک پێش یادی ٨٤ ساڵەی تەمەنی، لە گۆشـەیەکی ترەوە دێتە ناو ئەم تەنگانەیە؛ کاتێک ڕۆژنامەنووسێکی شکستخواردوو ئاشنا دەبێت بە دەنگۆی کۆمەڵەیەکی نهێنی کە نەخشـــەی بۆ ســـیاســـەتی ئیتاڵیا کێشـــاوە – کەواتە دیســـان هەموو شـــتە خۆشـــەویســـتەکانی من. لە مانگی حوزەیراندا تەلەفۆنم بۆ ئێکۆ کرد لە ماڵە تێکەڵوپێکەڵ و پڕ لە پێچوپەناکەی لە میلان، کە لەوێ دەژی و کار دەکات و دەوروبەری بە کتێبخانەیەک گیراوە کە پتر لە ٥٠ هەزار کتێبی تێدایە، تا قسە لەسەر مانا و مەبەستی ئەمانە هەمووی بکەین.

کریس والاس: مانگی ڕابردوو کە لە میلان بووم، وەک کارەکتەرەکانی ناو "پەندۆلی فۆکۆ" بەملا و بەولادا ڕام دەکرد، هەوڵم دەدا ئەو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیە بدۆزمەوە کە ئەوان کاری لێ دەکەن. بەڵام مخابن... [هەردووکیان پێدەکەن]

ئومبێرتۆ ئێکۆ: نییە. من ناوی شەقامەکەم لە خۆمەوە داهێناوە.

والاس: دێڕێک لە "ژمارە ســـفر"دا هەیە دەڵێت: "هەرچی مرۆڤ زۆرتر بزانێت، هێندە پتر کارەکانی لێ تێک دەچن." وا دیارە "کۆلۆنا" جۆرە دڵەڕاوکێیەکی هەیە لەو ژیانەی کە زۆر ورد کراوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە، بە گاڵتەوە بە خۆی دەڵێت "دۆڕاو". ئەمەیش دەزوویەکە

که له هەموو کارەکانتدا دەبینرێت، بە تایبەت لە "لوانا"دا کە ژیانی ڕۆشـنبیری و ژیانی ناو کتێبەکان لەسەر حیسابی ژیانی ڕاستەقینە دێتە دی.

ئێکۆ: بێگومان. له کەیسی کۆلۆنادا هەوڵم دا وێنەی کارەکتەرێک بکێشم کە لە ژیاندا بە تەواوی شکستخواردوو بوو و، زیاتر نوقمی خەیاڵە ئەدەبییە کەسییەکانی خۆی بوو نەک ژیانی ڕاستەقینە. پرسیارەکەی تۆ وا دەکات بیر بکەمەوە کە پێ دەچێت تەنانەت کارەکتەرەکانی "پەندۆڵی فۆکۆ"یش کۆمەڵە ڕۆشنبیرێک بووبن کە لەناو خەیاڵە ئەدەبییەکانیاندا ون بوون بەبێ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی واقیع ببنەوە.

والاس: بەڵێ، ڕێک وایە. هەر بۆیەیش من هێندە خۆم لەواندا دەبینمەوە.

ئێکۆ: ئەوە کێشەی من نییە! [هەردووکیان پێدەکەن] ڕێک وەک ئەوەی من چیرۆک لەسەر پیلانگێڕی و کارەکتەرە ڕاڕاکان دەنووسم، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا خۆم مرۆڤێکی زۆر پڕگومانم. هەموو ژیانم لە کاروباری سیاسی تێوە گلاوم، بۆیە ڕووبەڕووی واقیع بوومەتەوە. دەزانیت، هەندێک جار ئەوەی فلۆبێر دەیگوت ڕاست نییە کە "مادام بۆڤاری هەر منم." جارجارە کارەکتەرەکانم خۆم نین.

والاس: کەواتە ماڵەکەت لە لادێ، لە ڕاستیدا ئەو شوێنە نییە کە لە "پەندۆڵی فۆکۆ"دا ڕێوڕەسمی درویدییەکانی تێدا دەکرێت. ئەو شوێنەیش نییە کە "یامبۆ" لە "لوانا"دا کتێبە کۆمیکەکانی تێدا دەپاراست. تۆ بۆت هەیە داهێنان بکەیت - سەرەڕای هەوڵی کەسانێکی وەک من کە دەمانەوێت ژیاننامەی خۆت لەناو هەموو شتێکدا بخوێنینەوە کە دەینووسیت. باسی ئەوە بکەین، تۆ لە "ژمارە سفر"دا زۆر گاڵتەت بە ڕۆژنامەکان و میدیا دێت. ئەمە مێژوویەکی کۆنی هەیە لای تۆ. لە شوێنێکی کتێبەکەدا یەکێک لە سەرنووسەرەکان دەپرسێت: "ئایا ڕۆژنامەکان شوێن باوەکان دەکەون یان خۆیان باوەکان دروست دەکەن؟" وەڵامە نادیارەکە ئەوەیە کە ڕۆژنامەکان ڕێگەی لێکدانەوەی ئێمە بۆ مێژوو دیاری دەکەن.

ئێکۆ: وایە. وەک دەزانیت، بۆ ســـــاڵانێکی زۆر وتار و لێکۆڵینەوەم بۆ ڕۆژنامەکان تەرخان کردووە، لە ناوەوە. بۆیە ڕەخنەگرتن لە ڕۆژنامەکان بابەتێک بوو کە ماوەیەکی درێژ کارم تێدا کرد. لە ســـاتێکی دیاریکراودا بڕیارم دا ئەوە بگۆڕم بۆ ڕۆمان. یەکێک لەو کێشـــانەی هەمیشە باسم کردووە، ڕەتکردنەوەی جیاکارییە لەنێوان "سەرنج" و "ڕاستی"ـــدا. ڕۆژنامە هەموو ڕاســتییەک لەناو ســەرنج و بۆچوونێکدا دەپێچێتەوە. ئەســتەمە ڕاســتییەکی ڕووت بدەیت بەبێ ئەوەی گۆشەنیگایەکی بۆ دانەنێیت. بەم مانایە، ئاشکرایە کە ڕۆژنامە بۆچوونی خوێنەران دروست دەکات. باشە، ڕۆژنامە دەتوانێت شوێن ئارەزووەکانی خوێنەر بکەوێت. ســـەیری ڕۆژنامە ئێوارانییەکانی ئینگلتەرا بکە - ئەوان شــوێن ئارەزووی خوێنەر دەکەون کاتێک تەنیا بایەخ بە قســـــەوباســـــی خێزانی شـــــاهانە دەدەن. بەڵام تەنانەت بابەتیترین و جددیترین ڕۆژنامەی جیهانیش، ئەو ڕێگەیە دەکێشـــێت کە خوێنەر دەبێت یان دەتوانێت بیری لێ بکاتەوە. ئەوە شتێکی مسۆگەر (حەتمی)یە.

واڵاس: شتێکی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە ئەو گۆڤارەی تۆ زۆر جار بۆی دەنووسیت، "L'Espresso"، بەم دواییانە قســەکانی پاپای لەســەر گۆڕانی کەشــوهەوا دزە پێ کرد و دەنگـدانەوەیەکی گەورەی دروســــــت کرد. بەڵام ئەم دارشــــتنەی بیرکردنەوەمـان و، لێکدانەوەمان بۆ مێژوو، لە "ژمارە ســـفر"دا بابەتێکی ســـەرەکییە. لە زۆرێک لە کارەکانتدا، تەنانەت ئەوانەی ڕۆمان نین، نیشـــــانمان دەدەیت کە ئێمە وەک کۆمەڵگە بەردەوام مێژوو دەنووســــــینەوە، وردەکـارییەکـانی دەپشـــکنین و تێکی دەدەینەوە - ڕێـک وەک ئەوەی کارەکتەری "براگادۆچیۆ" لە "ژمارە ســفر"دا مێژووی موســۆلینی دەنووســێتەوە. وا دیارە هەمیشـــە مێژوو دەگۆڕین، نوێی دەکەینەوە و لە پەراوێزەکاندا دەینووســـین. ئێمە ئەمە بۆ مێژووی کەســـیی خۆیشــمان دەکەین. یادەوەرییەکانمان دەگۆڕین، لێکیان دەدەینەوە، ڕێک وەک لێکدانەوەی خەون.

ئێکۆ: من هەمیشـــە شـــەیدای ئەو کەســـە ڕاڕایانە بووم کە خەیاڵی پیلانگێڕی دەکەن. بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە شەیدای ئەمەم. "پەندۆڵی فۆکۆ" نموونەیەکی نائاسایی و گاڵتەجاڕانە (گرۆتێسک) بوو لەم جۆرە کەسـانە، لە کاتێکدا "کۆدی داڤینچی"ـــــی دان براون بە جددی وەریگرتن. من گوتوومە کە دان براون یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو "پەندۆڵی فۆکۆ"ی من. [پێدەکەنێت] باشە، بەڵام من خۆم هەمیشە دژی ئەم جۆرە ڕاڕایییە فەرهەنگییە نووسیومە. تۆ ڕاســـت دەکەیت کە دەڵێیت ئێمە هەمیشـــە مێژوو دروســـت دەکەینەوە. یادەوەریمان هەمیشـــە بنیادنانەوەیەکی لێکدەرانەی ڕابردووە، گۆشـــەنیگایش هەر وایە. بەڵام ئەوە کارەکتەرەکانم بوون مێژوویان نووســـییەوە. [هەردووکیان پێدەکەن] من هەوڵم دا بە ڕێگەیەکی ڕاست بینووسم.

واڵاس: بۆچی پێت وایە ئێمە دەکەوینە ژێر کاریگەریی ئەم بیردۆزانەی پیلانگێڕییەوە؟ وا دیارە نەخۆشـییە دەروونییەکانمان لەم سـەردەمی دڵەڕاوکێیەدا وایان کردووە ئەمانە زۆر سەرنجڕاکێش بن.

ئێکۆ: ئۆهـ بەڵێ، ئەگەر ئینتەرنێت بکەیتەوە، گەلێک لەم جۆرە شتانە دەدۆزیتەوە. بۆیە ئەمە جۆرە نەخۆشـییەکی کۆمەڵایەتییە. دەزانیت، ٦٠ یان ٧٠ ســاڵ لەمەو بەر، فەیلەســووفێکی گەورە، کارڵ پۆپەر، وتارێکی زۆر گرنگی لەســەر هەموو بیردۆزەکانی پیلانگێڕی نووســی و، نیشانی دا کە ئەمانە هەمیشە ڕێگەیەک بوون بۆ هەڵاتن لە بەرپرسیارێتییەکانمان. ئەمە جۆرێکی زۆر گرنگی نەخۆشـیی کۆمەڵایەتییە کە لە ڕێیەوە لە ناسینی واقیع وەک خۆی لا دەدەین و لە بەرپرســـیارێتییش هەڵدێین. نموونەیەکی زۆر گەمژانە و ســـەرەتاییت بۆ دەهێنمەوە: پاشـنیوەڕۆی شـەممە سـواری ئۆتۆمبێلەکەم دەبم و دەچمە سـەر ڕێگاوبانەکان و، قەرەباڵغییەکی ســەیر هەیە. دەڵێم: "کێ بەرپرســیارە لەمە؟" ئەوەی بەرپرســیارە منم و هەموو ئەو گەمژانەی وەک من کە پاشـنیوەڕۆی شـەممە ئۆتۆمبێلیان هێناوەتە ســەر ڕێگا. بەڵام دەزانیت، بۆ ئەوەی لە بەرپرســـیارێتی ڕا بکەم، هەوڵ دەدەم بیر لە کەســـێکی تر

بکەمەوە کە بەرپرسیار بێت. پیلانگێڕییەکان و هەموو بیردۆزەکانی پیلانگێڕی بەشێکن لە یاسای شتە ساختەکان. منیش لە هەموو نووسینەکانمدا، چ فەلسەفییەکان و چ ڕۆمانەکان، خەریکی بەرهەمهێنانی ساختەکارییم. کۆکراوەی کتێبە دەگمەنەکانم تەنیا ئەو کتێبانە دەگرێتەوە کە ڕاستی نالێن. [پێدەکەنێت] ئەوان ساختەن. بۆ نموونە، گالیلۆم نییە چونکە ئەو ڕاستیی دەگوت. بەڵام پەتلیمۆسم هەیە چونکە ئەو هەڵە بوو. من هەمیشە زۆر خولیای ساختەکاری و درۆینەم، چونکە وەک فەیلەسووفێک، بایەخ بە ڕاستی دەدەم. بەڵام چەسپاندنی ئەوەی چی ڕاستە زۆر گرانە. زۆر جار چەسپاندنی ئەوەی چی هەڵەیە ئاسانترە. جا دەکرێت لە ڕێگەی هەڵەوە لە ڕاستی بگەین - ئەمە قسەیەکی فەلسەفییە، وەک خۆی وەری بگرە.

والاس: وا دیارە لە بیرمە کە تۆ جوانییشت بە هەمان شێوە وەسف دەکرد؛ کە وەسفکردنی ناشرینی ئاسانترە لە وەسفکردنی جوانی.

ئێکۆ: باشە، ئەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ناشرینی داهێنەرانەترە لە جوانی. [پێدەکەنێت] جوانی هەمیشە شوێن هەندێک چوارچێوە دەکەوێت. من پێم وایە ناشرینی خۆشترە لە جوانی.

والاس: ئەو کۆمەڵە نهێنییانەی کە یان باس دەکرێن، یان بەرپرسیارن لە کۆنترۆڵکردنی پیلانگێڕییەکان لەناو کارەکانتدا، بۆ منیش سەرنجراکێشن - ڕێک بەو شێوەیەی لای بۆرخێس یان کوبریک سەرنجراکێشن. هەموو کۆمەڵە نهێنییەکان، هەر هیچ نەبێت ئەوانەی لەناو چیرۆکدا دەردەکەون، سەرنجم ڕادەکێشن، پێم وایە چونکە جۆرە پەرۆشییەک هەیە بۆ بوون بە بەشێک لەو تاقمە هەڵبژێردراوەی کە نهێنییەکیان لەسەر چۆنیەتیی ژیان لایە. بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینەدا نامەوێت هیچ بەشێک بم لێی.

ئێکۆ: گوێ بگرە، کۆمەڵە نهێنییەکان، وەک پیلانگێڕییەکان، هەن. بۆ کوشـــتنی جولیۆس ســـیزار پیلانگێڕی هەبوو. گەلێک کۆمەڵەی نهێنی لە ســـەدەی نۆزدەیەمدا هەبوون. تەنیا کێشــەکە ئەوەیە، کاتێک دەبن، دوای ماوەیەک ئاشـکرا دەبن. یان سـەرکەوتوو دەبن، وەک پیلانی دژی ســیزار و ئاشــکرا دەبن، یان ســـەرکەوتوو نابن، وەک پیلانی دژی ناپلیۆنی ســـێیەم و ئاشـــکرا دەبن. بۆ کۆمەڵەی نهێنییش هەر وایە. دەزانین کە لە ئیتاڵیا جۆرە کۆمەڵەیەکی نهێنی بە سەرپەرشتیی بەڕێز "لیچیۆ جێلی" هەبوو کە زۆرێک لە ڕووداوەکانی سیاسەتی ئیتاڵیای دیاری دەکرد. کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کاتێک خەیاڵی کۆمەڵەی نهێنی دەکەیت کە لە ئارادا نییە. گەلێک وتار و ســـایت لە ئینتەرنێتدا هەن لەســـەر، با بڵێین، "گرووپی بیلدێربێرگ" و کۆبوونەوە ســاڵانەکانیان، کە بە هیچ شـێوەیەک نهێنی نین. خەڵک لەوێ کۆ دەبنەوە. قســـە دەکەن. ســـەرۆکی ئەمریکا ناچار نییە بچێتە داڤۆس بۆ ئەوەی پیلانێکی نهێنی لەگەڵ، چووزانم، سـەرۆکی فەڕەنسـا بگێڕێت. بە تەلەفۆن دەیکەن. خەڵک وا خەیاڵ دەکەن ئەم گرووپانە نەخشــەی چارەنووســی جیهان دەکێشــن. بەڵام خەیاڵکردنی کۆمەڵەی نهێنی و پیلانگێڕی ڕێگەیەکە بۆ کاردانەوە نەنواندن بەرانبەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی. چونکە دەڵێیـت: "ئێمە نـازانین ئەوان کێن. نـاتوانین بەبێ بیرکردنەوە کاردانەوەمان هەبێت." بۆیە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە ژینگەی سیاسی.

والاس: ئەمە پووچگەراییە، چـارەنووســـگەراییە. ئەوەی ڕاســـتی بێـت، گەورەترین تەڵەکەبازی کە کۆمەڵەیەکی نهێنی بتوانێت بیکات، ئەوەیە خەڵک قایل بکات کە کۆمەڵەی نهێنی هەن، تا خەڵک هەر بە بێدەســەڵاتی و ســـاردی بمێننەوە. خۆرخێ لویس بۆرخێس چەندە بۆ تۆ گرنگ بوو؟

ئێکۆ: زۆر زۆر. دوو نووسـەر هەبوون کاریگەرییان لەسـەرم هەبوو. یەکێکیان جۆیس بوو، کە کتێبێکیشــم لەســەری نووســی، ئەوی تریان بۆرخێس بوو، کە دەمپەرسـت. نزیکەی دە سـاڵ لەمەوبەر سـیمپۆزیۆمێک لە ئیسـپانیا هەبوو لەسـەر بیرۆکەی پەیوەندییەکانی نێوان

من و بۆرخێس. ماریا کۆداما، هاوسەری بۆرخێس، لەوێ بوو. بۆرخێس زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو.

والاس: تۆ یادەوەرییەکی زۆر سەیرت هەیە. باسی چەمکی "کۆشکی یادەوەری"ـت کردووە کە من بە تەواوی پێی سەرسامم. وەک بڵێیت من هێندە شتم لە بیر بێت کە بۆ پاراستنیان پێویستم بە کۆشکێکی یادەوەری بێت. بەڵام پێ دەچێت لە ڕابردوودا خەڵک یادەوەرییان زۆر لە هی ئێستا باشتر بووبێت. ئەوەی ڕاستی بێت، لە هەندێک ساتی مێژوودا، کەسانێک هەبوون هەموو ئەو شتانەی مرۆڤایەتی دەیزانی لە مێشکیدا هەڵیگرتبوو. ئەی تۆ چۆنیت؟ ئێستا یادەوەریت چۆنە؟

ئێکۆ: گوێ بگرە، یادەوەرییەکی باشم هەیە. بەڵام ئەگەر یادەوەرییەکی خراپیشم هەبووایە، هەر بایەخم بە یادەوەری دەدا، چونکە بڕوام وایە یادەوەری گیانی ئێمەیە. ئەگەر یادەوەریمان بە تەواوی لە دەست بدەین، بێگیان دەبین. ئەوەی ئێستا سەرنجم ڕادەکێشێت – ئەم دیاردە گشتگیرە جیهانییە، لەدەستدانی یادەوەرییە، بە تایبەت نەوەی گەنج. مەبەستم ئەوەیە، نەوەی من زۆر باش دەیزانی ٥٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی چی ڕووی داوە. ئێستا سەیری هەموو بەرنامەکانی پێشبڕکێ و پرسیار دەکەم چونکە نموونەیەکی باڵای مەودای یادەوەریی نەوەی نوێن – ئەوان دەتوانن هەموو ئەو شتانەی لە ژیانیاندا ڕوویان داوە لە بیریان بێت، بەڵام پێش ئەوە نا. جا هەندێک جار تەنانەت ڕووداوەکانی ناو ژیانی خۆیشیان نا. پێم وایە ئەمە جۆرە مەحکومبوونە بە "ئێستایەکی هەتاهەتایی". پێ دەچێت ئینتەرنێت لەمەدا دەوری هەبێت، چونکە ئێستایەکی هەتاهەتایی نیشان دەدات. ڕاستە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، ئەگەر بە باشی بە کاری بهێنیت، دەتوانیت مێژوو دروست بکەیتەوە. بەڵام دەبێت بۆ ئەوە خاوەن هزرێکی ڕەخنەگر بیت. بە پێچەوانەوە، وا دیارە لەناو ئەم ئێستا هەتاهەتاییەدا خەڵک یادەوەرییان لەدەست دەدەن. جارێک وتارێکم نووسی بۆ ئەوەی

نیشـانی بدەم ئەگەر بوش هەموو ئەو بەڵگەنامانەی سـەدەی نۆزدەیەمی لەسـەر ڕووس و بەریتانییەکان لە ئەفغانسـتان بخوێندایەتەوە، ئەوەی لە سـەدەی بیسـتویەکدا کردی، نەیدەکرد. تێ دەگەیشـت کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکە چەند گرانە. پێ دەچێت نەیخوێندبنەوە. [پێدەکەنێت] کەواتە ئەمە لەدەسـتدانی یادەوەرییە کە لە سـیاسـەتدا دەیدۆزینەوە. تەنانەت هیتلەریش، ئەگەر بە وردی بیری لەوە بکردایەتەوە چی بەسـەر ناپلیۆندا هات لە کاتی هێرش بۆ سەر ڕووسیا، هێندە بە ئاسانی هێرشی نەدەکردە سەر ڕووسیا. باشە، کەواتە هەمیشـە لەدەسـتدانی یادەوەری هەیە. بەڵام بە لای منەوە، ئەمە نەخۆشـییەکی سـەرەکیی سـەردەمەکەمانە و من خەمی لێ دەخۆم. چاودێریی نەوەکانی خۆم دەکەم بزانم چییان بەسـەر دێت؛ ئەگەر بچنە قوتابخانەیەکی باش، بەڵێ، بەڵام ئایا تەنانەت دەزانن پێش لەدایکبوونیان چی ڕووی داوە؟ بەڵام هۆکارێکی تریش هەیە کە بایەخ بە یادەوەری دەدەم. لە کۆکراوەی کتێبە دەگمەنەکانمدا، کتێبە کۆنەکانی ناو براو بە "تەکنیکی یادەوەری" (mnemotechnics) هەن، کە لە سەردەمی ڕێنسانس و بارۆک و ئەوانەدا گرنگ بوون.

واڵاس: سـەرنجڕاکێشـە کە دەڵێیت یادەوەری گیانی ئێمەیە. من شـەیدای ئەو ڕێگەیەم کە خەڵک ئێسـتا لە ئینتەرنێتدا وێنەیەکی سـاختە (ئاڤاتار) بۆ خۆیان دروسـت دەکەن. بە واتایەکی تر، ئەوان خۆیان نیشـانی جیهان نادەن، بەڵکوو هێمایەک نیشـان دەدەن و، لە خۆیان جۆرە مارکەیەک دروسـت دەکەن. دەزانیت باسـی چی دەکەم – کە خەڵک ئەو کەسایەتییەیان نمایش دەکەن وا ڕووی لە خەڵکە؟

ئێکۆ: خۆنواندن؟

واڵاس: بەڵێ، جۆرێک لەوە. ئەو کەسـایەتییەی نیشـانی جیهانی دەدەن تەنیا وەک لۆگۆیەک یان ئاڤاتارێکە.

ئێکۆ: کۆمەڵناسێکی پۆڵەندی هەیە، زیگمۆنت باومان، کە بیردۆزێکی زۆر قایلکەری هەیە بە ناوی "کۆمەڵگەی شل". ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیین کە لە زۆر شوێندا بیرۆکەی دەوڵەت و نەتەوەی لە دەســـــت داوە. حیزبە گەورەکانی ئیتاڵیا - دیموکراتە مەســـــیحاییەکان، کۆمۆنیستەکان - هەڵوەشانەوە. ئیتر ناوەندێکی کۆمەڵایەتی نییە. بۆیە تەنیا چارەسەر بۆ ئەو کەســـــانەی ئەو خاڵی ســـــەرچاوەیەیان نییە، ئەوەیە لە تەلەڤزیۆن دەربکەون. تەنانەت ئامادەن لە تەلەڤزیۆن دەربکەون و بڵێن ژنەکانیان ناپاکییان لێ کردوون یان شـــــتی وا. [هەردووکیان پێدەکەن] هەموو ئەو شـــــتانەی جاران بە جۆرە شـــــەرمێکەوە بە نهێنی دەهێڵرانەوە، ئێســـــتا دەکرێنە گشـــــتی. هەموو بلۆگەکان، فەیســـــبووک، تویتەر لە لایەن کەســـــانێکەوە دروســـــت دەکرێن کە دەیانەوێت کاروباری تایبەتی خۆیان نیشـــــان بدەن بە نرخی دروســـــتکردنی ســـــاختەکاری، تا هەوڵ بدەن وەک ئەوە دەربکەون کە نین، تا کەسایەتییەکی تر بنیاد بنێن کە ئەمە لەدەستدانی ڕاستەقینەی ناسنامەیە.

والاس: ئایا تۆ لە ئینتەرنێتیت؟ لە تویتەریت؟ ژەمی میدیاییی تۆ چییە؟

ئێکۆ: نا، نا. من بەکارهێنەرێکی کۆنی کاغەزم. ناتوانم واز لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانم بهێنم هەموو بەیانییەک. تەلەڤزیۆن بۆ هەواڵەکان و بەرنامەکانی کێبڕکێ و هەندێک جار بۆ فیلمە باشەکان بە کار دەهێنم. لە فەیسبووک و تویتەر نیم، چونکە ئامانجی ژیانم ئەوەیە لە پەیامەکان دوور بکەومەوە. من پەیامی زۆرم لە جیهانەوە پێ دەگات، بۆیە هەوڵ دەدەم خۆمیان لێ بپارێزم. بێ گومان ئینتەرنێت و ئیمەیڵ بە کار دەهێنم هەر کاتێک پێویســـــت بێت. ئینجا هەندێک جار دەچم بزانم داهێنانەکانی خەڵک لە تویتەر و بلۆگەکان و ئەوانەدا چییە. بەم دواییانە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا پرسیارم لێ کرا لە بارەی ئینتەرنێتەوە. وجاگوتم بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی حەوت ملیار مرۆڤ لەســـــەر ئەم زەمینە دەژین، بڕێکی زۆر لە مرۆڤی کەمئاوەز و گەمژە هەن، باشە. [والاس پێدەکەنێت] پێشتر، ئەم کەسانە تەنیا دەیانتوانی لەگەڵ هاوڕێکانیان یان لە مەیخانەدا دوای دوو-ســـــێ پەرداخ قســـــە بکەن و،

هەموو جۆرە گەمژەییەکیان دەگوت و خەڵک پێیان پێدەکەنین. ئێســـتا دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە ئینتەرنێتدا دەربکەون. بۆیە لە ئینتەرنێتدا، لەگەڵ پەیامی زۆرێک لە کەســـــانی ســـەرنجڕاکێش و گرنگ - تەنانەت پاپایش لە تویتەر دەنووســێت - بڕێکی زۆر گەمژەمان هەیە. کێشـــــەیەکی گەورەی ئینتەرنێت ئەوەیە چۆن زانیارییەکان بپاڵێورێن، چۆن ئەوەی پەیوەندیدار نییە یان گەمژانەیە فڕێ بدرێت و تەنیا زانیارییە گرنگەکان بهێڵرێنەوە. بەڵام ناتوانیت خەیاڵی بکەیت کە لە ڕۆژنامە ئیتاڵییەکاندا بەرانبەر ئەم قســـــەیەی من چ جۆرە ڕاپەڕینێک دروست بوو.

واڵاس: ویســـــتم پرســــــیارت لێ بکەم لە بارەی بایەخدانی ئەم دواییەی ئێمەوە بە ئاڵای کۆنفیدڕاڵی و هێزی هێما (ســــیمبۆل). کاردانەوەمان بۆ تەقەکردنەکەی "چارلســــتۆن" تا ڕادەیەک هەوڵدان بوو بۆ داگرتنی ئاڵای کۆنفیدڕاڵی کە لە حەوشــــەی پەرلەمانی ویلایەتی کارۆلینای باشوور دەشەکایەوە - هەنگاوێکی هێمایی بۆ لادانی هێمایەکی تر.

ئێکۆ: بەڵام، دەزانیت، پاشماوەی نەژادپەرستی لە هەموو جیهاندا هەیە. ڕاستییەکە ئەوەیە تۆ لە کۆمەڵگەیەکی جیهانیدا دەژییت و، بۆیە خەڵک دەجووڵێن، خەڵک یەکتر دەبینن. لەم ســــــاتەدا لە ئیتاڵیا ســــــەدان ئەفریقی هەموو ڕۆژێک دێنە کەناراوەکانمان. بۆیە ئەم زیندووبوونەوەیەی نەژادپەرستانەمان لە وڵاتەکەماندا هەیە. هەمیشە ئاستێکی ژێرزەمینیی نەژادپەرســـتەکان لە ئەمریکا هەبووە. جا لە وڵاتەکەی تۆدا توخمێکی تر هەیە - ئەوەی کە چەکی زۆرتان هەیە. لێرە، کاتێک کەسێک شێت دەبێت، زۆربەی جار ئۆتۆمبێلەکەی دەبات و هەوڵ دەدات بە ئۆتۆمبێلەکەی خەڵک بکوژێت. [هەردووکیان پێدەکەن] لە حاڵەتی ئەو گەنجەی هەموو خەڵکەکەی لە کەنیســــــەکەدا کوشـــــت، وا دیارە باوکی ئەو چەکەی وەک دیاریی لەدایکبوون پێ دابوو. بۆیە ئەوە کێشەیەکی تایبەتە کە ئێوە هەتانە.

واڵاس: یەکێک لەو شــتانەی تۆ پێی ناســراویت، هەر نا ئەوەی لە ئەمریکا پێی ناســراویت، ئەم جۆرە تێکەڵکردنەی فەرهەنگی "باڵا" و فەرهەنگی "نزم"ـــــە. تۆماس ئاکویناس لەگەڵ

کتێبە کۆمیکەکان، "کۆنتی مۆنتی کریستۆ" لەگەڵ ئەرستۆ؛ هەموویان لەسەر یەک لاپەڕەن و هەموویان پێکەوە زۆر زیندوون. پێم وایە ئێمە وەک فەرهەنگ بەرەو ئەو جۆرە تێکەڵکردنە (ماش-ئەپ) چووین.

ئێکۆ: دەزانیت، ئەوان یادی ٥٠ ساڵەی کتێبەکەی من "کۆتاییخوازان و تێکەڵبووان" (Apocalittici e integrati) دەکەنەوە. لە ساڵی ١٩٦٤دا بڵاوم کردەوە، بۆیە ساڵی ڕابردوو یادیان کردەوە، بەڵام من تازە کتێبەکەم بە دەست گەیشتووە کە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە. بەڵێ، بێ گومان من یەکەم کەس نەبووم کە بایەخ بە فەرهەنگی جەماوەری بدەم. لەسەر سوپەرمان، چارڵی براون و ئەوانە نووسیومە. هەمیشە بایەخم بە ئەدەبیاتی گشتی داوە، کۆنتی مۆنتی کریستۆ، بەڵام تەنانەت بەرهەمە کەمبایەخترەکانیش. گوتوومە کاتێک دەگەیتە پەنجاکانی تەمەنت، دەبێت بایەخدان بە ئێستا ڕابگری و تەنیا لەسەر شاعیرانی سەردەمی ئەلیزابێس بنووسیت. من هەرگیز لەسەر شاعیرانی ئەلیزابێس نەمنووسیوە، بەڵام ویستم بڵێم قوتابییەکانم، گەنجەکان، باشتر ئامادەن بۆ تێگەیشتن لەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدات. جا کاتێک پیر دەبیت، باشترە لەسەر ئەو شتانە قسە بکەیت کە لەوان باشتر دەیانزانیت. بۆیە من زۆر شوێن ئەوە ناکەوم کە ئێستا لە بەرهەمە نوێیەکانی کتێبە کۆمیکەکاندا ڕوو دەدات، کە بۆ من زۆر گران دیارن. [پێدەکەنێت] بەردەوامم لە شوێنکەوتنی ئەدەبیاتی گشتی، بەڵام بۆ چێژی کەسیی خۆم. ئەگەر شەو خەوم لێ نەکەوت، ڕۆمانێکی پۆلیسی دەخوێنمەوە، وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی. کاتێک هەوڵم دا شتێک لەسەر فەرهەنگی جەماوەری بکەم لە ساڵانی شەستەکاندا، هەوڵم دا هەمان ئامرازی ڕەخنەیی بە کار بهێنم کە بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ فەرهەنگی باڵا تەرخان کرابوو. ئەوە بوو بە ئابڕووچوون. هەندێک کەس دەیانگوت: "چۆن دەتوانیت سوپەرمان بە هەمان ئەو ئامرازە شی بکەیتەوە کە کۆمیدیای یەزدانیی پێ شی دەکەیتەوە؟" جا من وەڵامم دایەوە کە شکۆی توێژینەوە بە شتەکان (ئۆبجێکتەکان) نادرێت، بەڵکو بە مێتۆدەکە

دەدرێت. کێشــەکە بەکارهێنانی مێتۆدی ڕاســتە. ئەوە بوو کە لەو کاتەدا کردم، بەکارهێنانی مێتۆدی ڕەخنەییی ڕاست بۆ شیکردنەوەی ئەوەی لای زۆر کەس تەنیا زبڵ بوو.

والاس: تۆ ئەو کاتە نووسـیبووت کە سـوپەرمان جۆرە تێڕوانینێکی نوێیە بۆ دین و، ئێسـتا ڕەنگە ئەوە ئەفســـانە جەماوەرییە ســـەرەکییەکە بێ لە ئەمریکا - جیهانەکانی DC و Marvel. ئەمانە هەمووی زۆر "ئومبێرتۆ ئێکۆیی"ـــــن. ئەو ڕێگەیەی ئالاکان بۆ مارکە خۆشـەویستەکانمان بەرز دەکەینەوە. لە سـاڵی ١٩٩٤دا نووسـیبووت کە ماک کاسـۆلیکە و IBM پرۆتێســتانتە، بەڵام ئێســتا هەموویان بوونەتە مەزهەب و، کەســایەتییە ناودارەکان خواوەندە نوێیەکانی ئێمەن.

ئێکۆ: بەڵێ، بەڵێ. بەڵام لە هەموو ســـەردەمێکدا ئەدەبیاتی پۆپ هەبووە. دەزانیت، چیرۆکە کۆنە ڕۆمانییەکە هەیە کە خەریکی نمایشـکردنی تراجیدیایەک بوون و، یەکێک زانیبووی لە سـیێکێکدا ورچەکان شـەڕ دەکەن و، هەموو خەڵکەکە تراجیدیاکەیان جێ هێشـت بۆ ئەوەی بچن ســـەیری ورچەکان بکەن. [هەردووکیان پێدەکەن] ئەمە لە هەموو شـــارســـتانەت و فەرهەنگێکدا باوە. من بەو ڕادەیە بە تراجیدیای نابینم چونکە پێم وایە لە وڵاتەکەی تۆدا، خەڵک تەنیا بۆ بینینی ســـوپەرهیرۆکان ناچن؛ شـــتی تریش هەیە. تەلەڤزیۆنی ئێمە بە شـێوەیەکی ســەیر پڕە لە زبڵ. بێرلۆســکۆنی بەو بنەمایە کاری دەکرد کە تێکڕای تەمەنی بینەرانی بەرنامەکانی ١٢ ساڵە.

والاس: لە هەموو کتێبەکانتدا خەڵک دوای کار دەچنە کافتێریا، دەچنە چێشـــتخانە، دەچنە مەیخانە و باسی ژیان و سیاسـەت دەکەن و، وا دیارە شـتێکی زۆر خۆش بێ. لێرەدایە کە هەمیشە تۆوی گێڕانەوەکان دەچێنرێن، لێرە خەڵک ئەفسوون دەکرێن، مەست دەبن، عاشقی

یەکتر دەبن، پەیوەندی دروست دەکەن و، نەخشەی گاڵتەجاڕانە یان ترسناک دەکێشن. ئایا ئەوە بۆ ژیانی خۆت ڕاســـتە؟ ئایا ئەمڕۆ دوای کارەکەت دەچی لەگەڵ قوتابییەکان یان هاوکارەکانت دادەنیشـــی، شـــەراب دەخۆیتەوە و باســـی کابۆ و ســـیاســـەت و حوکمڕانە نهێنییەکانی گەردوون دەکەن؟

ئێکۆ: باشـە، ئەمە گرنگە نیشـان بدرێ. ئێسـتا بە هۆی پارێزی خواردنەوە کەمتر دەچم. من هەمیشـە دڵخۆش بووم بە وانەوتنەوە لە زانکۆی بۆڵۆنیا چونکە بۆڵۆنیا شـارێکە ناوەندێکی مێژوویی کۆنی هەیە کە بە تەواوی لە تاق و چوخمە و ڕاڕەوە ســـەرداپۆشـــراوەکان دروست کراوە. ئەم ڕاڕەوانە واتە خەڵک، پیر و گەنج، دەتوانن پیاسـە بکەن تەنانەت ئەگەر بارانیش ببارێ. جا لە ژێر ئەو ڕاڕەوانەدا، گەلێک چێشـــتخانە و مەیخانە هەن. قوتابییەکان دەچوونە ئەوێ، منیش هەر وا. جا هەمیشـــە ئەوەم بەرز نرخاندووە کە لە نامەی دکتۆرای قوتابییەکانمدا لە پەراوێزەکاندا ئاماژەی من بە نامەی دکتۆرای قوتابییەکانی تر دەدۆزیتەوە کە خەریک بوو تەواو ببن. ئەوە بۆ من واتای ئەوە بوو کە لە مەیخانە و دیوەخانەکاندا قوتابییەکان بیرۆکەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. بیهێنە بەر چاوت کە هەمان شـــت ڕووی دا لە سـەرەتای زانکۆ ئەوروپییەکان لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا. هەروەها گۆرانی هەبوون کاتێک لە دیوەخان بووین دەمانگوتن. زۆربەی ژیانمان لە دیوەخاندا بوو. پێکەوەبوون، قسـەکردن، زۆر زۆر گرنگە. من خەمی ئەو کەســانەمە کە ئەمڕۆ شـــەوەکانیان لە ئینتەرنێتدا بەســـەر دەبەن لە جیاتی ئەوەی بچنە مەیخانە.

واڵاس: ڕاستە. [پێدەکەنێت] من یەکێکم لەوانە، کاتێک لە ماڵەوە نیم و خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکانی تۆ نیم. جا یەکێک لەو شـــتانەی هەمیشـــە لە کارەکانتەوە وەریدەگرم، ئەو ململانێیەیە، هاوســەنگکردنی ژیری و لۆگیک، لەگەڵ هێزی هێما کە جۆرە ئەفســوونێکە. جا هەموو کارەکتەرەکانت بە دوای ناسـنامەدا دەگەڕێن، لە ناوەوە بە دوای مانادا دەگەڕێن و،

هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا دروست دەکەن. ئایا ئەوە لە ژیانی خۆتەوە هاتووە؟ تۆ چۆن بە دوای مانادا دەگەڕێیت؟

ئێکۆ: وەڵامدانەوەی ئەوە زۆر گرانە چونکە من هەموو ڕۆژێک ئەوە دەکەم. [پێدەکەنێت] ئەگەر ڕۆژنامە بخوێنمەوە، ئەگەر کتێب بخوێنمەوە، ئەگەر ســــەیری خەڵکی دەوروبەرم بکەم، هەوڵ دەدەم... دەزانیت، ڕۆلان بارت جارێک گوتی نیشانەناس، یان "سیمیۆلۆژیست" وەک ئەوەی ئەو کاتە پێیان دەگوترا، ئەو کەسـەیە کە لە شـەقامدا دەڕوات و لەو شـوێنەی خەڵکی تر تەنیا شتەکان دەبینن، ئەو مانا دەبینێت. ئەوە هەڵوێستێکی ڕاستەقینەیە - بینینی هەموو شتێک وەک شتێکی مانادار، تەنانەت شتە کەمبایەخەکانیش، بۆ سەلماندنی شتێک، تەنانەت کێشە گەورەکانی ژیان. دەڵێم بوون بە فەیلەسووفێکی پیشەیی هەستکردنە بەوەی سروشتییە بیر لە کێشە بچووک و گەورەکان بکەیتەوە. ئەوە تەنیا چێژە. [پێدەکەنێت]